# یاسای سەندیکای دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٠**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٤**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١/٢یدا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای سەندیکای دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

١ـ هەرێم: کوردستانی عێراق.

٢ـ وەزیر: وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەت.

٣ـ سەندیکا: سەندیکای دەرمانسازان.

٤ـ ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.

٥ـ نەقیب: نەقیبی دەرمانسازان.

٦ـ دەرمانساز: هەر ئەندامێک لە سەندیکادا کە بڕوانامەی لە کۆلیژی دەرمانسازی بەدەست هێنا بێ و لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێ، یان لە زانکۆیەک کە لەلایەن ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵاوە لە کوردستانی عێراق دانی پیانرابێ.

٧ـ دەست دانە پیشە: دەست دانە پیشەی دەرمانسازی بەپێی حوکمەکانی یاسای دەست دانە پیشە.

## بەشی یەکەم:
## (دامەزراندن و ئامانجەکان)
## (دامەزراندن)

**ماددەی دووەم:**

١ـ بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک دادەمەزرێندرێ بەناوی سەندیکای دەرمانسازی لە هەرێمداو کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و بەڕێوەبەردنی دەبێ، بارەکاکەشی لە پایتەختی هەرێم دەبێ و بۆی هەیە لق لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە.

٢ـ سەندیکا لەسەر داواکارییەک پێک دەهێنرێ، کە ئەوانەی پێشکەشی دەکەن بەلایەنی پسپۆڕ، لە (١٥) کەس کەمتر نەبن و، لە حەوت ساڵیش کەمتر نەبێ دەستیان دابێتە ئەم پیشەیەو، بە دەستەی ئامادەکار دادەنرێن بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی سەندیکا تاکو هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ.

**ماددەی سێیەم:**

ئامانجی سەندیکا هێنانەدی ئەمانەی خوارەوەیە:

١ـ بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراسی و پشتگیری کردنی فیدرالیزم و چەسپاندن و پەرەپێدانی.

٢ـ هەوڵ دان بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی زانستی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئەندامان.

٣ـ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئەندامان لەگەڵ یەکتریداو لەگەڵ لایەنە حکومەتی و ئەهلیەکان لە هەرێمداو داکۆکی کردنی لە مافەکانیان.

٤ـ هاریکاری کردن لەگەڵ دەستەو دامەزراو و کۆمەڵەو سەندیکاکانی تر لەناو هەرێمدا کە ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی سەندیکا یەک دەگرنەوە.

٥ـ زامن کردنی دوا ڕۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پیری و پەک کەوتەیی دا.

٦ـ ڕێکخستنی بنەمای دەست دانە پیشەو چاودێری پیادەکردنی.

## چوونە ناو سەندیکاو ئەندامێتی

**ماددەی چوارەم:**

ئەندام دەبێ ئەم مەرجانەی لێ بێنە دی:

یەکەم: هاوولاتیی هەرێم بێ و تیایدا نیشتەجێ بێ.

دووەم: بە تاوانێکی نا سیاسی یا کەتێکی ئابڕووبەر سزا نەدرابێت.

سێیەم: بڕوانامەی لە دەرمانسای یا هاوتای دەرمانسازی بەدەست هێنا بێ کە لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

یەکەم: چوونە ناو سەندیکا بە داواکارییەکی نووسراو دەبێ کە پێشکەش بە نەقیب دەکرێ و بەڵگەنامە پێویستەکانی پێوە دەلکێنرێت.

دووەم: داواکاری چوونە ناو سەندیکا دەخرێتە بەر دەمی ئەنجوومەن لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنیەوە لە سەندیکادا و ئەنجوومەن لەسەریەتی لەو ماوەیەدا بیبڕێنێتەوە ئەگەر ئەو ماوەیەش تێپەڕی و نەبڕاندرایەوە بە قبوڵ کراو حسێب دەکرێ.

سێیەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چوونە ناو سەندیکا بە بڕیارێکی هۆدار ڕەفز بکات، وە خاوەن داواکاریش بۆی هەیە لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی ئاگاداربوونیەوە تانەی لێ بدا، بڕیاری دادگاش بنبڕە.

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا (٢٠٠) دوو سەد دینارەو ڕەسمی بەشداربووتی ساڵانە (١٠٠) سەد دینارە.

دووەم: ڕەسمی مۆڵەت دانی دەرمانخانە (بەرپرسیاریەتی + ئیمتیاز) (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا دینارە نیوی دەوام ساڵانە.

سێیەم: ڕەسمی مۆڵەت دانی کردنەوەی دەرمانخانە (بەرپرسیاریەتی + ئیمتیاز) بۆ خانەنشیان (٥٠٠) پێنج سەد دینار دوامی تەواو ساڵانە.

چوارەم: ڕەسمی مۆڵەت دانی کۆگای دەرمانی ئەهلی (بەرپرسیاریەتی + ئیمتیاز) (١٠٠٠) هەزار دینار.

**ماددەی حەوتەم:**

یەکەم: غەیری ئەندامانی سەندیکا ئەوانەی هەموو پابەندییەکی خۆیان بە کوترەی ئەم یاسایە جێبەجێ کردووە نابێ دەست دەنە پیشەی دەرمانسازی.

دووەم: لەسەر فەرمانگە ڕەسمییەکان و نیمچە ڕەسمییەکان پێویستە وێنەیەک لە فەرمانی دامەزراندنی دەرمانساز بۆ سەندیکا بنێرن.

**ماددەی هەشتەم:**

١ـ نابێ دەرمانساز لەهەرێمدا لەیەک مۆڵەتی دەرمانخانەی زیاتر هەبێت.
٢ـ پێویستە هەر دەرمانخانەیەک بەڕێوەبەرێکی هەبێت.
٣ـ خاوەن مۆڵەت بەڕێوەبەری دەرمانخانەکەی دەبێ و نابێ دەرمانخانەیەکی تر بەڕێوە ببا.
٤ـ نابێ دەرمانسازی مۆڵەت پێ دراو مۆڵەتی دەرمانخانەیەکی تری هەبێ.
٥ـ دەرمانسازی دامەزراو لەسەر میلاکی زانکۆ دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر خزمەت کردنی لە زانکۆدا دەکرێ دەرمانخانە بکاتەوە، وە مافی هەیە لەو ماوەیەدا کار لە عیادە میللیەکان یان لە قەزاو ناحیەکان بکا.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەندامانی سەندیکا بۆیان هەیە دەرمانخانەی ئەهلی یان کۆگای دەرمان دوای دەوامی ڕەسمی بکەنەوە ئەگەر پلە بە پلەی (تدرج)ی پزیشکییان تەواو کردبێت، وە پشتگیری کرابێت لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی یان ئەو فەرمانگە تەندروستییەی کە دەرمانساز لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا کاری تیادا دەکات.

**ماددەی دەیەم:**

دەرمانساز بۆی نییە پیشەکەی خۆی لەگەڵ پیشەی نۆژداری و نۆژداری ددان و نۆژداری ئاژەڵی بەیەکەوە کۆ بکاتەوە، ئەوەی دەرمانساز پێی هەڵدەستێت لە فریاکەوتنی سەرەتایی لە کاتی ڕووداوی لە ناکاو و بە پەلە، بە کارێکی نا شەرعی پیشەی نۆژداری ناژمێردرێت.

**ماددەی یانزدەیەم:**

مەرجەکانی کردنەوەی دەرمانخانە:

مۆڵەت دانی کردنەوەی دەرمانخانە دەدرێتە ئەوانەی ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تێدایە:

١ـ ناونیشانی دەرمانخانە.

٢ـ ناوی بازرگانی پشتگیری کراو لە ژووری بازرگانییەوە.

## بەشی سێیەم
## (پێکهاتەکان)

**ماددەی دوانزدەم:**

سەندیکا پێک دێ لە:

یەکەم: دەستەی گشتی.

دووەم: ئەنجوومەنی سەندیکا.

سێیەم: لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).

چوارەم: لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکان.

**ماددەی سێزدەیەم:**

دەستەی گشتی لە تێکرای ئەندامانی سەندیکا پێک دێ، ئەوانەی هەموو پابەندێکی خۆیان بە گوێرەی ئەم یاسایە جێبەجێ کردووەو بەبالاترین دەسەڵاتی سەندیکا دەژمێردرێ، هەر بە سێ ساڵ جارێک بە بڕیاری ئەنجوومەن و بانگهێشتی ئەقیب لە ناوەندی سەندیکا کۆدەبێتەوە، ب هەڵبژاردنی ئەقیب و شەش ئەندام و دوو ئەندامی یەدەک وئەندامانی لیژنەی بەرزەفتی ئەوانەی زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە، وە نیساب بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەستەی گشتی تەواو دەبێ وە لە کاتی تەواونەبوونی نیساب دوای پانزە ڕۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات و شوێندا هەڵبژاردن دەکرێ، وە بە ئامادەبوونی سێ یەکی ئەندامان نیساب بەتەواو دادەنرێ.وە بەپێچەوانەوەش ئەنجوومەنی پێشوو بۆ خولێکی تریش بە بەردەوام لە کارەکی خۆی دادەنرێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

هەر سێ ساڵ جارێک دەستەی گشتی کۆبوونەوەیەک دەکا بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

یەکەم: گفتوگۆو ڕاستاندنی بودجەو حسابکاری دوماهی.

دووەم: چاوپیاخشاندن بەو پێشنیارانەی کە لە بارەی هەموارکردنی یاسای سەندیکاوە پێشکەش کراون.
سێیەم: ئیقرار کردنی پێڕەوی ناوخۆ و هەموارکردنی.

**ماددەی پانزدەیەم:**

یەکەم: دەکرێ دەستەی کشتی بانگ بکرێ بۆ کۆبوونەوە ناناساییەکان لەم بوارانەی خوارەوەدا:
١ـ بە بڕیارێکی هۆدار لە زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنەوە.
٢ـ بە داواکارییەکی نووسراوی هۆدار سێیەکی ئەندامانی دەستەی کشتی پێشکەش بە ئەنجوومەنی دەکەن، دەبێ ئەویش بانگهێشت دەربهێنێ و کاتی کۆبوونەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە مێژووی گەیشتنی داواکارییەکەوە دیاری بکا.
دووەم: نابێ لە کۆبوونەوە ناناساییەکاندا باسی هیچ شتێک بکرێ تەنیا ئەو کارانە نەبن کە لە بەرنامەی کاردا داندراون.

**ماددەی شانزدەیەم:**

یەکەم: ئەندام نابێ بەشداری کۆبوونەوەکانی دەستەی کشتی بکا ئەگەر لەڕووی بەرزەفتییەوە دەستدانە پیشەی لێ قەدەغەکرابێ.
دووەم: بڕیارەکان لە کۆبوونەوەکانی دەستەی کشتی بە زۆرینەی دەنگ دەردەچن و لە کاتی یەکسانیشدا بەو لایە دادەلەنگێ کە نەقیبی تێدایە.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

ئەنجوومەنی سەندیکا پێک دێ لە:
یەکەم: نەقیب، دەبێ مومارەسەی لە پیشەکەی دا هەبێت کە لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.
دووەم: شەش ئەندام، بە بریکاری نەقیبەوەش ئەوانەی کە لە مومارەسەکردنی پیشەکەدا لە حەوت ساڵ کەمتریان بەسەر نەبردووە.
سێیەم: ئەنجوومەن لە نێوان ئەندامەکانیدا بەنهێنی بریکاری نەقیب و سکرتێر و خەزنەدارێک لە یەکەم کۆبوونەوەیدا هەڵدەبژێرێ.
چوارەم: ئەنجوومەن بەلانی کەمەوە هەر مانگێ جارێک کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆی دەبەستێ، بۆیشی هەیە دانیشتنی ناناسایی بە بانگهێشتی نەقیب یان بە داواکاری سێ یەکی ئەندامانی ببەستێت.

**ماددەی هەژدەیەم:**

یەکەم: نیساب بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان پێک دێ، بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچێ، لە کاتی یەکسان بوونی دا بەو لایەنە دادەلەنگێ کە نەقیبی تێدایە.
دووەم: ئەگەر بەهەر هۆیەکەوە بێ شوێنی نەقیب چۆڵ بوو بریکارەکەی شوێنی دەگرێتەوە، لە کاتی چۆڵ بوونی پلەی بریکار سکرتێر شوێنی دەگرێتەوە.

سێیەم: بە دەنگدانی نهێنی یەکێ لە ئەندامە ئەسڵییەکان شوێنی نەقیب دەگرێتەوە لەکاتی چۆڵ بوونی پلەو پایەکانی نەقیب و بریکارەکەی و سکرتێردا.
چوارەم: بە مەبەستی هەڵبژاردنی نەقیب ئەنجومەن دەبێ بۆ کۆبوونەوەی ناناسایی بانگهێشتی دەستەی گشتی بکا لە ماوەیەک کە لە دوو مانگ تێپەڕ نەکا، بە مەرجێک ئەو ماوەیەی کە ماوە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

ئەندامی ئەنجومەن بە دەست لەکارکێشراوە دەژمێردرێ ئەگەر لەماوەی (ساڵێکدا) بەبێ عوزری ڕەوا لە سێ دانیشتنی یەک لە دوای یەک یاخود لە پێنج دانیشتنی پەڕاگەندەدا ئامادە نەبوو.

**ماددەی بیست:**

أ ـ ئەنجوومەن مومارەسەی ئەم تایبەتمەندییانە دەکا:
١ـ کارکردنی لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی سەندیکا.
٢ـ پێشکەش کردنی پێشنیار لە بارەی هەموارکردنی یاسای هەموارکردنی سەندیکا.
٣ـ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.
٤ـ دامەزراندنی کارمەندان لە سەندیکاو دیاری کردنی کرێیەکانیان و بەرزکردنەوەیان (ترقیتهم).
٥ـ چاوپیاخشاندن بە داواکارییەکانی چوونە ناو سەندیکا.
٦ـ دەستنیشان کردنی نوێنەری سەندیکا لە لیژنە ڕەسمییەکان و نا ڕەسمییەکاندا لە کاتێکدا کە نەقیب نوێنەرایەتی ناکا.
٧ـ هەواڵەکردنی ئەو کێشە و شکاتانەی کە بۆی دێن، بۆ لیژنەی بەرزەفتی.
٨ـ پێک هێنانی لیژنەی لاوەکی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.
٩ـ ئامادەکردنی بودجەو دامەزراندنی ژمێریارێکی یاسایی بۆ ووردکاری حسابکاری دوماهی.
١٠ـ بڕیاردانی خۆ بە خودان کردنی ماڵ وعەقارو قبوڵ کردنی لەقەبەرکردن و پێ بەخشین و مەرجەکانی قەرزکردن و پێشکەش کردنی دەستکرۆیی دارایی لە نێوان ئامانجەکانی سەندیکادا.
١١ـ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن.
١٢ـ تەماشاکردنی دەست لەکارکێشانەوەی نەقیب یا بریکارەکەی یان هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن یان لیژنەکانی سەندیکا بە مەرجێک لەیەکەم کۆبوونەوەدا بخرێتە بەردەم دەستەی گشتییەوە.
١٣ـ مۆڵەت بەخشین بە دەست دانە پیشە.
١٤ـ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەی سەندیکا بە گوێرەی یاسای کۆمەڵەکان.
ب ـ ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بدا بە نەقیب یان سەرۆکی لقەکان.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:

یەکەم: سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی کشتی ئەنجوومەن.

دووەم: نوێنەرایەتی کردنی سەندیکا لەلای دەزگاکانی دادوەری و کارگێری و دەستە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی و ئەهلییەکان و کۆنگرەکان، وە ڕاستاندنی معامەلەو ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە سەندیکاوە، بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بدا بە هەر یەکێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن کە بیەوێ.

**ماددەی بیست و دووەم:**

یەکەم: لیژنەی بەرزەفتی لە سەرۆک و دوو ئەندام و ئەندامێکی یەدەک پێک دێ.

دووەم: لیژنە تایبەتمەندە بە تەماشاکردنی هەموو ئەو سەرپێچیانەی کە لەم یاسایەدا دەقی کرتووە، وە تۆژینەوە لەو کێشەو شکاتانە دەکا کە ئەنجوومەن بۆی هەواڵە دەکا، وە دەسەڵاتی ناراستەکردنی ئەم سزایانەی خوارەوەی هەیە:

أ ـ وریا کردنەوە (إلفات نظر).

ب ـ ئینزار.

جـ ـ داخستنی دەرمانخانە یان کۆگای دەرمان بۆ ماوەیەک کە لە سێ ڕۆژ کەمتر نەبێ و لە هەفتەیەکیش زیاتر نەبێ، لەکاتی دووبارەبوونەوەش دا دەرمانخانە یان کۆگا بۆ ماوەی (١٥)ڕۆژ دادەخرێ وە پشکە دەرمانەکەشی بۆ ماوەی مانگێک پێ نادرێت.

د ـ لیژنەی بەرزەفتی ئەو بنەمایانە پێڕەو دەکا کە لە یاسای بەرزەفتی کارمەندانی دەوڵەتدا هاتووە.

**ماددەی بیست وسێیەم:**

بڕیارەکانی لیژنەی بەرزەفتی لەلای دادگای تەمیزی هەرێمدا لە نێوان ماوەی پانزدە ڕۆژ لەمێژووی ئاگادارکردنەوە بە بڕیارەکە تانە هەڵدەکرن، بڕیارەکەشی بن بڕە.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

دەبێ ئەندام لەم کارانەی خوارەوە دوور بکرێتەوە:

یەکەم: پشت گوێ خستن و کۆسپ هێنانە بەر پیادەکردنی ئەو یاساو پێڕەوانەی پەیوەندیدارن بە سەندیکاو، وە ئەو ڕێنماییانەی کە دەریان دەهێنێ.

دووەم: دەست دانە پیشە بەبێ نوێ کردنەوەی بەشداری ساڵانەو مۆڵەت.

سێیەم: چاودێری نەکردنی ڕەوشتی پیشەیی و ناوبانگ زراندنی پیشەکەو کەرامەتی ئەو پیشەیە بە کوێرەی ئەو بنەمایانەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەقیان کرتووە.

چوارەم: هەڵگرتنی سیفەتی بەدرۆی لەقەبی پیشەیی یان سیفەتی پیشەیی یان ناڕاست، بەپێی یاساو پێڕەوە بەرقەرارەکان.

پێنجەم: سنووربەزاندنی دەست دانە پیشە بە گوێرەی ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێنماییەکان دەقی گرتووە کە سەندیکا دەریان دەچوێنێ.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

١ـ کارەکانی لق لەلایەن لیژنەیەکەوە بەڕێوە دەچێ کە پێک هاتووە لە سێ ئەندام و ئەندامێکی یەدەگ، بۆ ماوەیەک مومارەسەی پیشەکەیان کردبێت کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ وە بە دەنگدانی نهێنیش لەلایەن ئەندامانی لقەوە هەڵدەبژێردرێن.

٢ـ لیژنە لە نێوان ئەندامەکانی دا سەرۆکێک بۆ لق هەڵدەبژێرێ.

## بەشی چوارەم
## دارایی سەندیکا

**ماددەی بیست و شەشەم:**

دارایی سەندیکا لەمانە پێک دێت:

یەکەم ـ ڕەسمی چوونە ناو سەندیکاو بەشداری ساڵانە.

دووەم ـ ڕەسمەکانی مۆڵەت پێدانی کردنەوەی دەرمانخانەو کۆگاکانی دەرمانی ئەهلی.

سێیەم ـ ئەو پێبەخشینانەی کە لەلایەنە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمیەکان پێشکەش دەکرێن لەگەڵ ئەو تەبەروع و پێدانانەی کە بە ڕەزامەندی لایەنە ڕەسمییەکان لەلایەنەکانی ترەوە پێشکەش دەکرێن.

چوارەم ـ قازانجی ئاهەنگەکان و یانەکان.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

میراتگرانی دەرمانساز خاوەنی مۆڵەتی دەرمانخانەکە بۆیان هەیە لەمێژووی مردنی دەرمانسازەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ سوود لە مۆڵەتەکە وەربگرن دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرێک بۆ دەرمانخانەکە.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

دەرمانساز بۆی هەیە دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەندیکا، شیکردنەوەی دەرمانسازی و کیمیاوی و (نەخۆشی ـ کیمیاوی) لەباتی دەرمانسازی بکا، دوای تەواوکردنی خولێکی تاقیگەیی کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە مۆڵەتی پێ درا بێت.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

دەرمانسازی مەشق کردوو بۆی هەیە لە دوای دەوامی ڕەسمی لە دەرمانخانە ئەهلیەکان ئیش بکا، وە بەرپرسیتی وەربگرێ تەنها پێش ئەوەی بە (تدرج) بوونی پزیشکی بکا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەندیکا و ئەو فەرمانگەیەی کە لەوێدا کار دەکا.

**ماددەی سی:**
کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێ.
**ماددەی سی و یەک:**
دەبێ وەزارەتە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
**ماددەی سی دوو:**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

هۆیە پێویستەکان

لە ئامانجەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی کە ڕابەری نەمر «مستەفا بارزانی» سەرکردایەتی کرد، گەیشتنی گەلی کورد بوو بە هەموو مافەکانی بە تێکڕای توێژەکانییەوە، لەبەر گرنگی ڕۆڵی سەندیکاکان و بەتایبەتی سەندیکای دەرمانسازان و ڕۆڵیان لە پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ هاووڵاتیان و پێویستی گەیاندنیان بە ئاستی پیشەیی لە هەرێمدا وە گەیشتنیان بە پێشکەوتنی شارستانی لە چوارچێوەی سیستەمی فیدرالیدا کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بڕیاری لەسەر داوە لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیستەمە دیموکراسی و هەمەلایەنەکەمان لە پێناو چەسپاندن و پەرەپێدانی کیانی کوردستانیمان لەسەر ئەو بناغانەی کە ناومان بردن، پێویستی کرد کە ئەم یاسایە دەربهێندرێ.